ڕێبەری ئێران سزای سێ هەزار زیندانیی کەمکردەوەو لێیان خۆشبوو

ڕێبەری ئێران سزای سێ هەزار زیندانیی کەمکردەوەو لێیان خۆشبوو.

لە سەروبەندی ساڵڕۆژی لەدایک بوونی حەزرەتی پێغەمبەر مەحەمەد و ئیمام سادق، ڕێبەری ئێران عەلی خامنەیی داواکاری سەرکی دەسەڵاتی داد بە لێبوردن و کەمکردنەوەی سزای نزیکەی سێ هەزار زیندانیی قبووڵ کرد.

موحسێنی ئەژەیی، سەرکی دەسەڵاتی دادی ئێران لە نامەیەکدا بە ڕێبەری ئێران عەلی خامنەیی بە ئاماژە بە هاتنی یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەحەمەد و ئیمام سادق داوای لێبوردن و کەمکردنەوەی سزا و گۆڕینی سزای دوو هەزار و هەشتسەد و هەشتا و حەوت سزاداراوی دادگاکانی گشتی، شۆڕش، ڕێکخراوی دادوەری و هێزە چەکدارەکان و تەعزیراتی کردبوو.